بەشێک لە پەیامەکانی نوور

چارەسەری

وەسوەسە

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

کردوویە بە کوردی

یەکێك لە پەیامەکانی نوور

چارەسەری وەسوەسە

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

کردوویە بە کوردی

ئەم پەیامە:

* (بەدیعوززەمان مامۆستا سەعیدی نوورسی) بە تورکی داینـاوە.
* مامۆستا (ئیحسان قاسم صالحی) کردوویە بە عەرەبی.
* (فارووق ڕەسووڵ یەحیا) لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی.
* (عەبدولکەریم عبدالله) لەگەڵ تورکی‌یەکەیدا بەراوردی کردووە.
* مامۆستا (حسەین حەسەن کەریم) لەگەڵ عەرەبی‌یەکەیدا بەرامبەری کردووە.

* چاپی یەکەم: بەغدا (١٤١٠ك/١٩٩٠ز)
* چاپی شەشەم: سلێمانی (١٤٣٠ك/٢٠٠٩ز)
* چاپخانەی سیما - سلێمانی - شەقامی مەولەوی

* مافی چاپ هی وەرگێڕە

* ژمارەی سپاردن (٢٦)ساڵی (١٩٩٨)

مەقامی دووهەمی وتەی بیست و یەکەم

ئەم مەقامە پێنج مەڵهەمی تێدایە بۆ سارێژکردنی پێنج برینی "دڵ"

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَقُلْ رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ ۝ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَنْ يَحْضُرُونِ﴾ (المؤمنون:٩٧-٩٨)

ئەی ئەو کەسەی تووشی دەردی وەسوەسە بووە!

ئایا دەزانیت ئەم وەسوەسەیەی تووشی بوویت لە چی دەچێت؟

ئەم وەسوەسەیەی تۆ، وەك موسیبەتێك وایە، چونکە لە پێشدا بە بچووکی دەست پێ دەکات، پاشان وردە وردە و بە گوێرەی بایەخ پێدان و بە گرنگ زانینی، گەورە دەبێت و، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر گوێی پێ نەدرێت، نامێنێت! واتە هەتا بە گەورەی بزانیت ئەو گەورە دەبێت و، تا بە بچووکیشی بزانیت بچووك دەبێتەوە.. ئەگەر لێی بترسیت ئەوا بە دەردەوە دەتتلێنێتەوە، گەر لێشی نەترسیت دەمکوت و بێ دەنگ دەبێت!

جا ئەگەر حەقیقەتی وەسوەسە نەزانیت، ئەوا درێژە دەکێشێت و جێگیر دەبێت.. بەڵام ئەگەر ئەو حەقیقەتە بزانیت و بڕۆیتە بنج و بناوانی، ئەوا لەناودەچێت و نامێنێت.

مادەم وەسوەسە بەو جۆرەیە کە بۆمان دەرکەوت، ئەوا لێرەدا پێنج ڕوو لەو ڕووە زۆر و لەژمارەبەدەرانەی وەسوەسەت بۆ ڕوون دەکەمەوە، بەڵکو - بە یارمەتیی خوای گەورە - ئەم باسکردنە ببێت بە شیفایەکی ساڕێژکار بۆ دەروونی هەردوو لامان. کە ئەمەش لە دەستەڵاتی خوای گەورەدا کارێکی گران نییە. چونکە نەزانین دەبێت بەهۆی کێش کردنی وەسوەسە، بەڵام زانین بە پێچەوانەوەیە، پاڵی پێوە دەنێت و دەری دەکات. جا ئەگەر نەتزانی ئەوا نزیک دەبێتەوە و ڕووت تێدەکات، ئەگەر زانیشت ئەوا ئەو وەسوەسەیە دەڕوات و پشت هەڵدەکات!

○ ڕووی یەکەم (زامی یەکەم):

شەیتان ئەو گومانەی کە مەبەستیەتی، یەکەم جار لە دەرفەتێکدا دەیهاوێتە ناو دڵی مرۆڤەوە، پاشان گوێ بۆ دەنگدانەوەی گومانەکە لە ناخی دڵی ئەو مرۆڤەدا ڕادەگرێت. جا ئەگەر ئەو دڵە گومانەکەی نەگرتە خۆ و ئینکاریی کرد، ئەوا ئەو گومانە دەبێت بە "جوێندان"! ئیتر شەیتان چەندین خەیاڵ و ختوورەی ئەوتۆی لە بەرچاودا دەردەخات کە لە جوێنی ناشیرین دەچن و پێچەوانەی ڕەویەی پەیوەندییەکانی نێوان خوا و بەندەن، بە جۆرێك کە ئەو دڵە بێچارەیە دەکەوێتە ژێر نائومێدییەکی قورسەوە و لە تاوا دەناڵێنێت و دەڵێت:

"ئای چەندە بەدبەخت و سەر بە موسیبەتم"!

پێی وا دەبێت کە لە دڵەوە گوناهبار بووە و چەند تاوانێکی لە بەرامبەر خواوەندی بەخشندە و پەروەردگاری خۆیەوە ئەنجام داوە.

بەم جۆرە دەکەوێتە ناو گێژەڵووکەیەکی گەورەوە و، لە دڵنیایی بێ بەش دەبێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینیت بە پەرۆشی‌یەکی زۆرترەوە هەوڵ دەدات لە بێ ئاگاییدا پتر ڕۆبچێت!

دەرمانی ئەم زامەش، ئەمەیە:

ئەی تووشبووی بێچارە! بە هیچ جۆرێك مەترسە و هەرگیز مەشڵەژێ! چونکە ئەوانەی کە لە بەردەم ئاوێنەی زەینتدا تێپەڕین، هیچیان جوێن نین، تەنها چەند وێنە و خەیاڵێکن دێن و دەڕۆن. جا هەروەك خەیاڵکردنی "کوفر" بە "کوفر" ناژمێررێ، هەر بەو جۆرەش خەیاڵکردنی "جوێن" بە "جوێن" دانانرێت. چونکە یەکێك لەو شتانەی کە لە "زانستی مەنتیق"دا بە شتێکی بەڵگەنەویست(بەدیهی) دانراوە، ئەوەیە کە: "خەیاڵکردن بە حوکم ناژمێررێت". بەڵام خودی جوێن، نەك خەیاڵکردنی، بێ گومان بە حوکم دادەنرێت.

سەرەڕای ئەمەش، ئەو وتە ناڕەوا و ناشایستانە هەرگیز لە قووڵایی ناخی دڵتەوە دەرنەچوون، بەڵگەش ئەوەیە کە دڵت خۆی لە داخ و ئازاری ئەو وتانەدا دەتلێتەوە! دوور نی‌یە لەو لایەنە هاندەرەی شەیتانەوە بێت کە بە "لمة الشيطان" دەناسرێت و لە دەوری دڵدایە. هەر لەبەر ئەوەشە کە زیانی وەسوەسە تەنها لەوەدایە مرۆڤ لای وابێت زیانی هەیە! چونکە وەسوەسە (خەیاڵی بێ بناغە) وەك (ڕاستی)یەك دەباتە وەهمی مرۆڤەوە! پاشان ئەم مرۆڤە دڵی خۆی تاوانبار دەکات و، کردارەکانی شەیتان - کە دڵی ئەم هیچ پەیوەندی‌یەکی پێیانەوە نەبووە - دەخاتە ئەستۆی دڵی خۆیەوە، ئیتر لای وا دەبێت کە ئەو چرپە چرپ و وەسوەسانەی شەیتان لە خەتوورەی دڵی خۆیەتی و،

تەسەووری چەند زیانێکی وەها دەکات کە لە ئەنجامدا دێنە ڕێی. خۆ دیارە شەیتانیش هەر ئەوەی دەویست لەو مرۆڤە ڕوو بدات!

○ ڕووی دووهەم:

کاتێك کە واتاکان لە دڵەوە دەردەچن، بە بێ هیچ وێنە و شێوەیەك دەڕۆنە ناو خەیاڵەوە، ئنجا لەوێ وێنە و شێوەکان لەبەر دەکەن. خەیاڵیش - هەر جارەو لەبەر چەند هۆیەك - جۆرە وێنە و شێوەیەکی تایبەتی دەچنێت و، لە ڕێگادا هەر وێنەیەك خۆی بایەخی پێ بدات، پیشانی دەدات. ئیتر هەر واتایەك کە لە دڵەوە دێت و دەگاتە ئەوێ، یەکسەر خەیاڵ یەکێك لەو وێنە چنراوانەی خۆی دەکاتە بەر، یان پیایدا هەڵدەواسێت، یان بەو وێنە چنراوانەی خۆی ئەو واتایانە پیس و لەکەدار دەکات، یان دایاندەپۆشێت..

جا ئەگەر واتاکانی دڵ ساف و بێگەرد بن و وێنە تەنراوەکانی خەیاڵیش چەپەڵ بن، ئەوا هیچ کالایەك بە بەریان ناکات، ئەوەندە نەبێ کە ئەو وێنە و خەیالانە دەستێك بەسەر ئەو واتایانەدا دەهێنن، واتە "مَسّ"ی دەکەن، ئیتر ئا لێرەدا مرۆڤی تووشبووی وەسوەسە سەری لێ تێکدەچێت و ئەم دەست لێ خشاندن(مس)ە بە لەبەرکردن(التَّلَبُّس) یان پێ لەبەرکردن(التَّلبیس) تێدەگات و، لەبەر خۆیەوە هاوار دەکات و دەڵێت : "ئای خوایە گیان چەندە بەدبەختم! وا دڵم لەو هەڵدێرانەدا کەوت و هەڵنەسایەوە و، ئەم بێ نرخی‌یەی دەروونیشم دەبێت بەهۆی بێ بەش بوونم لە میهرەبانیی و بەزەیی خوای گەورەی میهرەبان". شەیتانی لەعنەتیش دەرفەتێکی زۆر لەم ژێ هەستیارەی ئەم دەبینێت و، پەنجە چەپەڵەکانی خۆی بەسەردا دەهێنێت و دەبات!

چارەسەر و مەڵهەمی ساڕێژکاری ئەم زامە بەسوێ و قووڵە، ئەمەی خوارەوەیە:

هەروەك "نوێژ" پێویستی بە پاك و خاوێنیی ڕواڵەتیی لەش هەیە و، ئیتر پڕبوونی ناوەوەی لەش لە پیس و چەپەڵی، هیچ زیانێکی تێدا نیی‌یە و نوێژەکەت بەتاڵ ناکاتەوە..

بە هەمان جۆر، دراوسێیەتیی وەسوەسە چەپەڵەکانیش لەگەڵ واتا بەرز و موقەددەسەکاندا، هیچ زیانێك لەو واتایانە نادات! بۆ نموونە: کاتی وا دەبێت کە بیر لە ئایەتێکی خوای گەورە دەکەیتەوە، کەچی ئازاری نەخۆشی‌یەك لەو کاتەدا دەتهەژێنێت.. یان تەنگاو دەبیت و، ئەمانەش زۆر بۆ خەیاڵت دەهێنن. دیارە لەم کاتەدا سەبارەت بە حاڵەتی یەکەم خەیاڵت بۆ لای دەرمان دەچێت و لە حاڵەتی دووهەمیشدا بۆ لای چوونی سەر ئاو، بەو جۆرەی کە ئەندێشە نزمەکان تانوپۆی بکەن. ئیتر وێنە و شێوەی ئەو خەیاڵە نزمانە لە ناوەندی ئەو بیرکردنەوە بەرزانەدا تێپەڕ دەبن. تۆیش - کاکی برا! - لێیان گەڕێ با تێپەڕ بن! چونکە هیچ زیان و مەترسی‌یەکیان تێدا نیی‌یە. مەترسیی ڕاستەقینە لەوەدایە کە بیری خۆت بە چڕی ئاراستەی مەترسی لێ کردنیان بکەیت و، پێت وا بێت زیانیان هەیە!

○ ڕووی سێهەم:

چەند پەیوەندی‌یەکی نادیار لە نێوان شتاندا هەن، تەنانەت لەوانەیە لە نێوان ئەو شتانەشدا کە بیرمان بە لایاندا ناچێت چەند تاڵە موویەك ببێت کە پەیوەندی‌یان لە نێواندا دروست بکات. جا ئەم تاڵە مووە پەیوەندیدەرانە، یان لە ڕاستیدا هەن، یان خەیاڵ بە

گوێرەی ئەو کارانەی سەرقاڵە پێیانەوە دروستیان دەکات و بە یەکەوە دەیانبەستێتەوە..

هەر ئەمەشە کە هەندێ جار دەبێت بەهۆی ئەوەی لە کاتی بیرکردنەوە لە کاروبارە پیرۆز و موقەددەسەکاندا چەندین خەیاڵی خراپ بە دوای یەکدا بێن و پەیدا ببن. چونکە وەك لە زانستی ڕەوانکاری(علم البيان)دا زانراوە:

(ئەو دژایەتی‌یەی کە لە دەرەوەی زەین و خەیاڵدایە دەبێت بەهۆی لە یەك دوورکەوتنەوەی شتانی دژ بە یەك، هەر هەمان دژایەتی‌یە کە دەبێت بەهۆی کۆبوونەوە و دراوسێیەتی‌یان لە تەسەوور و خەیاڵدا)!

واتە هەر تەنها خەیاڵە کە دوو شتی دژ بە یەك کۆ دەکاتەوە. ئەم جۆرە ختوورانەش کە لەم هۆکارەوە پەیدا دەبن، پێیان دەوترێت: "بیرکێشەکی"(تداعي الأفكار).

بۆ نموونە:

لەو کاتەدا کە تۆ بە دڵگەرمی وخشووعەوە لە نوێژدا وتوویژ لەگەڵ پەروەردگاری خۆتدا دەکەیت و بە دڵ ئامادەی حوزووریت و بیر لە واتای ئایەتەکان دەکەیتەوە و ڕووەو قیبلەی پیرۆز ڕاوەستاویت، دەبینیت ئەم بیرکێشەکی‌یە لەم کاتەدا بیرت بۆ لای شتی وەها ڕادەکێشێت کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە تۆوە نی‌یە و، بە تەواوی مرۆڤ شەرمەزار دەکات.

جا ئەگەر تۆ - ئەی برای بەڕێزم! - تووشی ئەم بیرکێشەکی‌یە بوویت، ئەوا هیچ پەرۆش مەبە و خەفەتی پێ مەخۆ. بەڵکو هەر کە هەستت پێ کرد یەکسەر بگەڕێرەوە بۆ حاڵەتی سروشتیی خۆت و،

دڵت بەم ختوورانەوە سەرگەرم مەکە و مەڵێ: (ئای چەندە تەقسیربار و کەمتەرخەمم)! پاشان بڕۆیت بە دوای هۆکاری ئەمانەدا بگەڕێیت! نەخێر شتی وا مەکە.. بەڵکو بۆ ئەوەی ئەم وەسوەسە و پەیوەندییە ڕێبوارانە بەهۆی بیرلێکردنەوە و بایەخ پێدانەوە بەهێز نەبن، ئەوا پێویستە هەر تەنها بەلایاندا گوزەر بکەیت و ئاوڕیان لێ نەدەیتەوە و هیچ بیرێکیان لێ نەکەیتەوە. چونکە هەتا پتر بایەخیان پێ بدەیت، دەبن بە خوو و نەخۆشییەکی وەهمی.

بەڵام تۆ هەرگیز مەترسە و، بزانە ئەوە نەخۆشیی "دڵ" نییە، چونکە ئەو چرپە چرپانەی دەروون و ئەو فووپیاکردنانەی شەیتان زۆربەی کات بە بێ ویستی خۆمان لە دەروونماندا دروست دەبن، هەر لەبەر ئەوەشە کە خوای گەورەی میهرەبان تۆماری ناکات لەسەرمان.

ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش زیاتر لەناو ئەو کەسانەدا باون کە خاوەنی میزاجێکی توند و تیژن.

بەڵێ، شەیتان لەگەڵ ئەم وەسوەسانەدا بە قووڵی ڕۆدەچێت.

چارەسەریی ئەم دەردەش ئەوەیە کە بزانیت:

ئەم بیرکێشەکییانە هیچ بەرپرسیارییەکیان تێدا نییە، چونکە زۆربەیان بە بێ ویستی خۆمان پەیدا دەبن، ئەوەتا سروشتی ئەو بیرانە وەهایە کە تەنها دراوسێیەتی نەبێ چیی تریان لە نێواندا نییە و ناڕۆنە ناو یەکترەوە و، زیان لە یەکتری نادەن. چونکە هەروەك دراوسێیەتیی مەلائیکەتی ئیلهام و شەیتان لە دەوروبەری دڵدا و، دراوسێیەتیی پیاوچاکان و خراپکاران لە یەك جێگادا، هیچ زیانێکی نییە.. هەر بەو جۆرەش هاتنی بیرە خراپەکان - بە بێ هیچ ویست و مەبەستێك -

لەگەڵ بیرە پاکەکان بە دڵی مرۆڤدا، هیچ زیانێکی تێدا نی‌یە. مەگەر ئەو خەیاڵ و ختوورە خراپانە بە "مەبەست" دروست بووبن، یان لەڕادەبەدەر خۆتیان پێ سەرگەرم بکەیت و پێت وابێت زیانیان هەیە. خۆ کاتی وا دەبێ "دڵ" زۆر ماندووە و "بیر" هەرچی‌یەکی لێ هەڵبکەوێت با سوودیشی نەبێت خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات. شەیتانی لەعنەتیش ئەمە بە هەل دەزانێت و خەیاڵە چەپەڵەکانی خۆی، بەوپەڕی دەست بڵاوی، بەم لاو ئەو لادا دەپرژێنێت و، بە چەشنی چەند داوێك بەکاریان دەهێنێت و، دڵە پاك و ئارامەکانی پێ دەکات بە تەڵەوە!

○ ڕووی چوارەم:

ئەمەش جۆرە وەسوەسەیەکە لەوەوە پەیدا دەبێت کە مرۆڤ زۆر بە گەرموگوڕی و لە ڕادەبەدەر هەوڵ بدات کردەوە چاکەکانی لەسەر تەواوترین شێوە بن.

خۆ مرۆڤ هەتا زیاتر لەمەدا ڕۆبچێت و بە توند و گەرمتر بیگرێت و ناوی تەقوا و وەرعیشی لێ بنێت، مەسەلەکە پتر ئاڵۆز دەبێت، بگرە ئەوەندەی نامێنێت ئەو مرۆڤە بکەوێتە ناو حەرامەوە لەو کاتەدا کە بە شوێن ڕوو و شێوەی تەواوتردا دەگەڕێت. تەنانەت جاری وا دەبێ کە بەهۆی گەڕانی بە شوێن "سوننەت"ێکدا "واجب"ێك واز لێ دەهێنێت! چونکە هەردەم لە بارەی ئەوەی کە (ئایا کردەوەکانم ڕاستن یان نا؟ وەردەگیرێن یان نا)؟ پرسیار لە خۆی دەکات و، ئەوەندەش ئەم پرسیارانە دووپات دەکاتەوە هەتا لە کۆتاییدا دووچاری نائومێدی دەبێت و، بەمەش دەرفەت بە شەیتان دەدات تا سوودی لێ وەربگرێت..

ئنجا شەیتانیش بە تیرە ژەهراوی‌یەکانی خۆی دڵی لەو مرۆڤە دادەگرێتەوە و قووڵایی ناخی دڵی دەپێکێت و زامداری دەکات.

ئەم زامەش بە دوو دەرمان تیمار دەکرێت:

دەرمانی یەکەم:

باش بزانە کە ئەم جۆرە وەسوەسانە تەنها شایستەی موعتەزیلەکانن (نەك ئەهلی سوننەت و جەماعەت). چونکە موعتەزیلەکان دەیانوت: کردەوەکان لە خۆیاندا و سەبارەت بە پاداشت و تۆڵەی دواڕۆژ "باش" یان "خراپ"ن، ئنجا کە "شەرع" دێت بڕیار لەسەر ئەو باشی و خراپی‌یە دەدات و دانی پێدا دەنێت. واتە باشی و خراپی، سەبارەت بە پاداشت و تۆڵەی دواڕۆژ، دوو شتی خۆیین و لە سروشتی شتەکاندا هەن. فەرمان و نەهی‌یەکانی شەرعیش شوێنکەوتەی کردەوەکانن و لەسەر ئەو بناغەیە بڕیاری شەرعیان لەسەر دەردەچێت.

لەبەر ئەوە، سروشتی ڕێڕەوی ئیعتیزال وایە کە مرۆڤ والێ دەکات هەمیشە لە هەموو کردارێکدا پرسیار بکات و، بڵێ:

(ئایا بڵێی کردەوەکەم بە چەشنێك ئەنجام دابێت کە مایەی ڕەزامەندیی خوا بێت، وەك خۆی لە خۆیدا وایە، یان نا)؟

بەڵام حەقڕەوان، کە ئەهلی سوننەت و جەماعەتن، دەڵێن:

کاتێك خوای گەورە کە فەرمان بە کردنی شتێك دەدات، ئەوا ئەو شتە بە "باش" دەژمێررێت و، هەرکاتیش نەهیی لە کردنی شتێك کرد ئەوا ئەو شتە بە "خراپ" دادەنرێت. واتە بە "ئەمر" و "نەهی"ی شەرع باش و خراپ دەردەکەون و دەستنیشان دەکرێن.

واته ئیتر چاك و خراپ له بەرچاوی مرۆڤدا دیارن و پەیوەندیشیان بە ئەنجامی ئەودنیاوەیە، نەك ئەم دنیا.

بۆ نموونە: ئەگەر دەستنوێژت گرت یان نوێژت کرد، لە هەمان کاتدا شتێك ڕووی دابوو کە تۆ پێت نەزانیبوو نوێژ و دەستنوێژەکەی تۆی بەتاڵ دەکردەوە، ئەوا (لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت) نوێژ و دەستنوێژەکەت تەواون و بەتاڵ نەبوونەتەوە و، لە هەمان کاتیشدا کردەوەیەکی "باش"ن.

بەڵام موعتەزیلەکان لایان وایە کە هەردووکیان بەتاڵ و "خراپ"ن، ئەوەندە هەیە لەبەر پێ نەزانینت - چونکە نەزانین دەبێت بە عوزر و بەهانە - لێت وەردەگیرێن.

کەواتە ئەی ئەو برایەی کە دووچاری دەردی وەسوەسە بووە!

بەم جۆرە و بەپێی ڕێڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، ئەو کردەوەیەت ڕاستە و هیچ لەکەیەکی بەسەرەوە نییە. چونکە بە گوێرەی ڕواڵەت بینیی شەرع بە تەواو دادەنرێت.

کەواتە ئیتر نابێت سەبارەت بە ڕاستی و دروستیی کردەوەکانت وەسوەسەت ببێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێ بەو کردەوانە لە خۆت بایی ببیت، چونکە بە دڵنیایی نازانیت ئایا خوای گەورە ئەو کردەوەیەی لێ وەرگرتوویت یان نا؟ بەڵکو دەبێ لە نێوان ترس(خوف)ی وەرنەگرتن و ئومێد(رجاء)ی وەرگرتندا بیت و، هەمیشە هاوسەنگیی ئەم دوانە ڕابگریت، مادەم مرۆڤێکی هۆشیار و وریابیت.

دەرمانی دووهەم:

باش بزانە ئایینی ئیسلام - کە ئایینی ڕاست و ڕەوای خوایە - هیچ ماندوو کردنێکی تێدا نی‌یە و، هەر چوار مەزهەبەکانیش لەسەر حەقن.

جا مادەم ئەمە وایە و، لە لایەکی تریشەوە تاوان و کەمتەرخەمی بە تۆبە و داوای لێبوردن نامێنن و لەناو دەچن و، ئەم داوای لێبوردنەش لە تای تەرازوودا زۆر لەو غروور و بایی بوونە قورسترە کە لە ڕازی بوونەوە لە کردەوە چاکەکان پەیدا دەبێت. لەبەر ئەمانە، ئەگەر بێت و مرۆڤ خۆی بە خاوەن قسوور و ناتەواوی بزانێت و پاشان تۆبەی لێ بکات، بە هەزاران جار باشترە لەوەی کە لە خۆی بایی ببێت و لە کردەوەکانی ڕازی بێت و پێیان بنازێت.

جا مادەم وایە، ئەوا هەرچی وەسوەسە هەیە بە یەك جار فڕێیان بدە و لە ڕووی شەیتان هەڵبگەڕێرەوە و، پێی بڵێ:

ئەوەی تۆ بە منی دەکەیت بریتی‌یە لە ماندوو کردن. خۆ زانینی ڕاستیی ئەم حاڵانەش شتێکی گرانە و پێچەوانەی ئەو "ئاسانی"یەیە کە لە ئاییندا ڕەچاو کراوە و، بە تەواوی دژی ئەو دەستوورەیە کە دەڵێت: "الدين يُسْرٌ" یان "لا حرجَ في الدين".

کردەوەکانی من - بێ هیچ گومانێك - لەگەڵ یەکێك لە ڕێڕەوە ئیسلامی‌یە حەق و ڕەواکاندا - بە ویستی خوا - یەکدەگرنەوە.

خۆ من ئەم ئەندازەیەم لەم وەسوەسانە سەروزیادە، چونکە هیچ نەبێ بۆ من بوون بە هۆکارێکی باشی ئەوتۆ کە هەست بە هەڵەکانم بکەم و خۆم بهاومە بەردەستی بەدیهێنەرم و، سوژدەی بۆ ببەم و، بە نزا و پاڕانەوە لێی بلاڵێمەوە و، داوای لێبوردنی لێ بکەم، پاشان لە

حوزووری ئەو خواوەندەدا، کە تابلێی بە هەموو شتێك بیسەر و بینایە، دان بە ناتەواوی و قسوورەکانمدا بنێم.

○ ڕووی پێنجەم:

ئەو وەسوەسانەیە کە شێوەی گومان کردن لە "بابەتەکانی ئیمان" وەردەگرن.

ئەو مرۆڤەی کە لەمەوە دووچاری وەسوەسە دەبێت و دەکەوێتە سەرگەردانی‌یەوە، زۆر جار گومان و دوودڵی‌یەکانی "ئەندێشە"ی لێ تێکدەچێت و، پێی وا دەبێ لە "عەقڵ"یەوە پەیدا بوون. ئنجا وا گومان دەبات کە ناتەواوی لە بیر و باوەڕەکەیدا دروست بووە..

یان لای وا دەبێ ئەو گومانانەی کە بە وەهمیدا هاتوون، هەموویان "دوودڵی"ن و، زیان بە ئیمانەکەی دەگەیەنن.. یان پێی وا دەبێ ئەو گومانانەی کە بە تەسەووریدا هاتوون، "عەقڵ"یشی باوەڕی پێ کردوون..

یان هەندێ جار وا دەزانێت کە هەر بیرکردنەوەیەك لە بارەی بابەتەکانی کوفرەوە، مرۆڤی پێ کافر دەبێت. واتە هەرچی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و تەرازووکاریی عەقلیی بێ لایەنانە هەن سەبارەت بە ناسینی هۆی گومڕایی، ئەم بە چەند هۆکارێکیان لە قەڵەم دەدات کە سەریان لە گومڕاییەوە دەربچێت و پێچەوانەی ئیمان بن!

ئیتر بەم جۆرە دەکەوێتە لەرزە و دڵەتەپێ و، لە بەردەم ئەم هەموو فڕوفێڵانەی شەیتاندا ورە و بەرگریی نامێنێت و، هاوار دەکات:

(چەندە بەدبەختم! وا دڵم لەدەست دەرچوو.. بیر و باوەڕیشم سەری لێ شێوا)!

جا لەبەر ئەوەی زۆربەی جار ئەم حاڵەتانە بە بێ ویستی مرۆڤ پەیدا دەبن، ئەوا ئەم مرۆڤە بەم ویستە هەندەکی‌یەی خۆی (إرادتـــه الجزئيـــة) ناتوانێت چاریان بکات. تا لە ئەنجامدا دەست لە ئەژنۆ دادەمێنێت و، دەکەوێتە نێوان نائومێدی‌یەکی کوشندەوە!

چارەسەری ئەمەش بەوە دەبێت کە بزانیت:

هەروەك ئەگەر "کوفر" بە "خەیاڵ"دا بێت مرۆڤی پێ کافر نابێت، هەر بەو جۆرەش گەر بە "وەهمی"دا بێت پێی کافر نابێت..

هەروەها وەك "بیرکردنەوە" لە "گومڕایی" مرۆڤ گومڕا ناکات، بە هەمان جۆر "تەسەوور کردن"یشی مرۆڤی پێ گومڕا نابێت!

چونکە هەرکام لە: "خەیاڵکردن" و "بەوەهمدا هاتن" و "تەسەور کردن" و "بیرکردنەوە" تابلێیی سەربەخۆ و جیاوازن لە: تەسدیق کردنی "عەقڵ" و ملکەچیی "دڵ" بۆ هەر شتێك.

لە ڕاستیشدا هەریەکە لە: "خەیاڵکردن" و "بەوەهمدا هاتن" و "تەسەور کردن" و "بیرکردنەوە" تا ڕادەیەك سەربەست و ئازادن، کەواتە بایەخ بەو جوزئی ئیختیاری‌یە نادەن کە لە ویستی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە. هەروەها بە زۆری ملیش بۆ ئەرك و واجبە ئایینی‌یەکان کەچ ناکەن.

بەڵام تەسدیق و ملکەچی (کە لە عەقڵ و دڵەوەن) بەو جۆرە نین، بەڵکو بە تەرازوویەکی یەکجار وردەوە بەستراونەتەوە.

جا لەبەر ئەوەی کە: "خەیالکردن" و "بەوەهمدا هاتن" و "تەسەور کردن" و "بیرکردنەوە" هیچیان بە تەسدیق و ملکەچی لە قەڵەم نادرێن، ئەوا هەرچی‌یەك لە ڕێگایانەوە پەیدا ببێت بە "گومان" تەنانەت بە "دوودڵی"ش ناژمێررێت.

بەڵام ئاگادار بە! ئەگەر بێت و بە بێ هیچ هۆیەك ئەم حاڵەتە دووپات ببێتەوە، ئەوا دوور نی‌یە لە قووڵایی دەرووندا جێگای خۆی بکاتەوە. خۆ ئەگەر - خوا نەخواستە - لەوێدا جێگیر بوو، ئەوا جۆرە گومانێکی ڕاستەقینەی لێ پەیدا دەبێت. ئیتر وردە وردە و لەسەرخۆ و بە ناوی داوەریی ژیری (موحاکەماتی عەقلی)ی بێ لایەن و، بە ناوی ویژدان و شتی تریشەوە پێی هەڵدەخلیسکێت و، کەم کەم وتەکانی لایەنی بەرامبەر (واتە لەو موحاکەمە عەقلی‌یەدا) وەردەگرێت، بە بێ ئەوەی کە هیچ ویستێکی خۆیشی تێدا بووبێت یان بە خۆی زانیبێت. خۆ کە ئەمەش ڕووی دا، ئەوا بە تەواوی واز لە هەموو ئەو ئەرك و واجبانە دەهێنێت کە دەبێ بۆ خواوەندی حەقیان بەجێ بهێنێت..

ئیتر ئەو ستەمکارەی کە بەم جۆرە ستەمی لە خۆی کردووە. حاڵەتێکی وای لە زەیندا دروست دەبێت وەك بڵێی لە لایەنی بەرامبەرەوە - کە شەیتانە - مۆڵەت درابێت!

لەوانەیە گرنگترین جۆرەکانی ئەم وەسوەسە سامناکە ئەوە بێت کە:

ئەم سەر لێ شێواوەی دووچاری وەسوەسە بووە، گونجانی خۆیی (الإمكان الذاتي) و گونجانی زیهنی(الإمكان الذهني)ی لێ تێکدەچێت و لە بەرچاویدا ئاڵوگۆڕ دەبن.

واتە زەینی وەهم دەبات و عەقڵیشی لەو شتەدا - کە لە خۆیدا شتێکی گونجاوە - دەکەوێتە گومانەوە. کەچی دەستوورێك لە زانستی "مەنتیق"دا هەیە دەڵێت : "الإمكان الذاتي لا ينافي اليقين العلمي ولايتضاد مع الضرورة الذهنية وبديهياتها".

واتە: گونجانی خۆیی دژ و پێچەوانەی یەقینی زانستی نی‌یە و هیچ دژایەتی‌یەکی لەگەڵ شتە بەدیهی‌یەکاندا نی‌یە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، وا ئەم نموونەیە دەهێنینەوە:

دەگونجێ "دەریای ڕەش" ئێستا لە جێی خۆیدا ڕۆبچێت. ئەمە بەپێی ئیمکانی خۆیی شتێکی گونجاو(مومکین)ە. بەڵام ئێمە بە دڵنیاییەوە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەو دەریا ناوبراوە هەیە و لە جێگاکەی ئێستای خۆیدا جێگیر بووە و، هیچ گومانێکمان لەمەدا نی‌یە. کەواتە ئەو ئیحتیماله مومکین و ئیمکانە خۆییانەی کە باس کران، هیچ گومان و دوودڵی‌یەك دروست ناکەن و دڵنیاییمان ناشێوێنن.

نموونەیەکی تر: دەگونجێ ئەمڕۆ خۆر ئاوا نەبێت، هەروەها دەشگونجێ سبەینێ هەڵنەیەت! بەڵام ئەم گونجانە هیچ زیان و گومانێك لە یەقینماندا دروست ناکات.

هەر بەو جۆرەش هەموو ئەو وەهمانەی کە لە ئیمکانی خۆییەوە دێن، سەبارەت بە ئاوابوونی ژیانی دنیا و هەڵهاتنی ژیانی ئەودنیاوە، کە ئەمانەش لە ڕاستی‌یە پەنهانەکانی ئیمانن، ئەو وەهمانە هەرچەندە و هەرچۆن بن، هەرگیز کەلێن لەو دڵنیاییەی ئیمانماندا دروست ناکەن و زیانی پێ ناگەیەنن.

هەر لەبەر ئەوەیە کە لە زانستی "أصول الدین" و "أصول الفقـــه"دا ئەو دەستوورە بڕیاری لەسەر دراوە کە دەڵێت :

"لا عبرة للإحتمال غیر الناشئ عن الدلیل".

واتە: بایەخ بەو گریمانە نادرێت کە لە بەڵگەوە پەیدا نەبووبێت.

ئەگەر دەپرسیت و دەڵێیت:

حیکمـەتی تووشـبوونی بـاوەڕداران بـەم وەسوەسـانە چیـیـە، کـە دەروون سـەخڵەت دەکەن و ئازاری دڵی مرۆڤ دەدەن؟

لـە وەڵامدا دەڵێین:

ئەگەر لە ڕاستیدا ئێمە زیادەڕەوی و زاڵبوونی وەسوەسە بخەینە لاوە، ئەوا ئەو کاتە – پشت بە خوا – ئەم وەسوەسانە بۆ ئێمە دەبن بە:

هاندەری بێداری و، پاڵ پێوەنەر بـۆ گـەڕان و پشکنین و، هۆیـەك بۆ جیددیەت و لێبڕان و، دەرکەری کەمتەرخەمی و تەمبەڵی!

جـا لەبـەر هـەموو ئەمانـە، خـوای گـەورە لـەم گۆڕەپـانی پێشبڕکێ و تاقیگەیەی دنیادا، وەسوەسەی وەك شوولێك لـێ کـردووە و داویـەتی بـە دەسـت شـەیتانەوە، تـاکو بـەو شـوولە خـەڵکی بـەرەو ئـەو حیکمەتانـە بداتەبەر! خۆ ئەگەر زۆر ئازاریشی داین، ئەوا بە: "أعـــوذ بـــالله مـــن الشیطان الرجیم" تەنها هانا بۆ لای خواوەندی زانا و دانا دەبەین!

* * *

تێبینی:

ئەم پەیامـە لـە دوو مـەقام پێکـهاتووە. جـا لەبەر ئەوەی مەقامی یەکەمی تەرخـان کـراوە بۆ جۆرە وەسـوەسـەیەکی تایبەت بە نوێژەوە و لـە چەند شوێنێکی تری پەیامەکان و لـە چاپەکانی پێشـووتردا بڵاومـان کـردووەتـەوە، ئـەوا لـەم چاپـەی بەردەسـتی خوێنـەری بـەڕێزدا تەنـها مەقامی دووهەممان بڵاوکردەوە کـە لـە زۆربـەی ئـەو وەسوەسـانە دەدوێـت خـەڵکانێکی زۆر گیرۆدەی دەبن.

(وەرگێڕ)

بەرهەمەکانی نووسەر (پەیامەکانی نوور) بە زمانی کوردی

بە پشتیوانیی خوای گەورە لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتاوە تا ئێستا بیست و حەوت کتێب و نامیلکەمان لە (پەیامەکانی نوور) بە زمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە. کە ئەمانەی خوارەوە ناوی هەندێکیانن:

١ - پەنجەرەکان

٢ - (من) خودیی مرۆڤ

٣- ڕابەری لاوان

٤ - ڕابەری خوشکان

٥ - ڕابەری خزمەتگوزارانی قورئان

٦ - بینینەکانی گەشتیارێك

٧ - پەیامی ڕەمەزان

٨ - پەیامی بیماران

جگە لەمانەش نامیلکەیەکی بچووك بە ناوی:

(پوختەی چەند لایەنێکی ژیانی زانای گەورەی کورد: بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی)

هەروەك پێنج بەرگی گەورەش لە (سەرجەمی پەیامەکانی نوور) بڵاوکراونەتەوە، کە ئەمانەن:

(وتەکان، مەکتووبات، بریسکەکان، تیشکەکان، پاشبەندەکان)

سەعیدی نوورسی کێیە؟

✿ گەورەترین کەسایەتیی کوردی ئەم سەردەمە و، مەزنترین زانایە کە لە دوای (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لەناو نەتەوەی کورددا هاتووەتە دنیاوە.

✿ لە گوندی (نوورس)ی سەر بە پارێزگای (بەدلیس)ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی لە دایك بووە و، لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە.

✿ تاکە کەسایەتی بووە کە هەموو زەبر و زەنگێکی مستەفا کەمال و، دام و دەزگا چەوسێنەرەکانی و، سی و پێنج ساڵی بەندی و زیندانی تاکە کەسی و نەفی و دەست بەسەری و، دەیان دادگای تۆقێنەر نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن و لە خەباتی ڕەوای خۆی کۆڵی پێ بدەن. تەنانەت ئەو توانیویەتی سەرکەوتنیشیان بە سەردا بە دەست بهێنێت.

✿ زیاتر لە سەد و سی کتێب و نامیلکەی پێشکەشی هەموو گەلان و نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی کردووە و، بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان -کە یەکێکیان زمانی کوردییە- بلاو بوونەتەوە.

✿ تا ئێستا زیاتر لە دە کۆنگرەی جیهانی و دەیان کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیریی لە ئاستی جیهاندا بۆ گیراوە و، دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و، چەندین بەلگەنامەی زانکۆییشی لە خوێندنی بالادا لەسەر وەرگیراوە.

ژمارەی سپاردن: (٢٦)ی ساڵی (١٩٩٨)